# جیاوازی سەرکردایەتیکردنی دۆناڵد ترامپ لەماوەی دوو خولی سەرۆکایەتیدا وکاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی

م.ی. چۆمان نامق حمد
بەشی سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق
choman.hamad@su.edu.krd
د.عمر علی رشید
بەشی سیستەمە سیاسییەکان وسیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق
omar.rashid@su.edu.krd

| | | |
|---|---|---|
| ID No. 4514 | Received: 25/06/2025 | وشە کلیلیەکان: |
| (PP 84 - 105) | Accepted: 29/09/2025 | سەرکردایەتیکردن، دۆناڵد ترامپ، بنەمای هێزی کەنارگیری، بنەمای ئاشتی لەڕووی هێزەوە، پراگماتیزمی سوودگەرایی. |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.24.41.4 | Published: 15/02/2026 | |

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە دیاریکردنی جیاوازییەکانی هەردوو خولی سەرکرادیەتیکردنی دۆناڵد ترامپ وکاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی دا، لێرەدا چەندین ڕێبازمان هەڵبژاردووە کە گونجاو بێت لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەمان وەک ڕێبازەکانی(شیکاری- درووستکردنی بڕیار)کە پەیوەستە بە وێناکردنی تایبەتمەندییەکانی دیاردەکە لەڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری وشیکردنەوەیان دا، ودەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەمشێوەیە بوو(ڕێبازی ترەمپ، ڕەنگە بتوانین بڵێین، ڕێبازێکی شەڕانگێزانە نییە، بەڵکو ڕێبازێکی هێرشبەرانەی ئابوورییە(پراگماتیزمی سوودگەراییە) کە هەمیشە پراکتیزەی کردووە لە سەپاندنی سزای ئابووری یان باجی بازرگانیدا، و ترامپ لە خولی یەکەمی دا بنەمای ( ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەپێشەوە هەمووشتێکە) پراکتیزەکرد لەگەڵ پشت بەستن بەئامرازی سیاسی و ئابووری بەستبوو کە( چەندی دەستدەکەوێت)، بەڵام لەخولی دووەمی زیاتر جەخت دەکاتە سەر بنەمای( ئاشتی لەڕووی هێزەوە) وتەنانەت پشت بە ئامرازی سیاسی وستراتیژی بەستووە لەپاڵ ئامرازە ئابوورییەکەی).

## پێشەکی

یەکێک لە دیاردە و پرسە ئالۆزەکانی ناو سیاسەتی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوەی یەکە نێودەوڵەتییەکانە، یان یەکێک لە لایەنە ئالۆزەکانی سیاسەتی دەرەوە، پرسی بڕیاردان و بڕیاری سیاسەتی دەرەوەیە، بڕیاردان هەمیشە پەیوەندییەکی نزیک بە کردار و هەڵسوکەوتی بڕیاردەرەوە هەبووە و بڕیاردەری ڕاستەقینەش هەمیشە سەرۆکی دەوڵەت یان حکومەتە، بەپێی سیستەمی سیاسی وڵات، لەم چوارچێوەیەدا پرسی بیروباوەڕی کەسی سەرکردە یان سەرۆک و ڕادەی کاریگەریيان لەسەر پرۆسەکانی بڕیاردانی سیاسەتی دەرەوە دێتە پێشەوە. کاتێک باس لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکرێت، زۆرجار پرسی هەڵسوکەوتی ئیدارەی ئەمریکا کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هەڵسوکەوتی سەرکردە یان سەرۆکەوە، دێتە بەرچاو، بەم پێیە کەسایەتی دۆناڵد ترەمپی سەرۆک کۆمار یەکێک بوو لە نموونە هەرە دیارەکانی کاریگەربی بیروباوەڕی کەسی لەسەر بڕیار و هەڵوێستەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، کە ترامپ کەسایەتیەکی هەیە کە لە ئاڕاستە و بڕیار و کردارەکانی لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا لە سەرۆکەکانی تری ئەمریکا جیای دەکاتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ بەدواداچوون و شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە ژێر ڕۆشنایی کەسایەتی و سیفەتە جیاوازەکانی و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕێگا و هەڵوێست و بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

### گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر بابەتێکی گرنگ ئەویش، باوەڕی کەسی سەرکردە و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕێگاکانی سیاسەتی دەرەوە. گرنگییەکی زۆر بە سیفەت و تایبەتمەندییە کەسییەکانی سەرکردە دەدات، کە کاریگەریيان لەسەر بڕیار و هەڵوێستەکانی دەوڵەت هەیە.

### گرفتی توێژینەوە

کێشەی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە پرسی بڕیاردان لەناو سیستەمی سیاسیدا ، بەشێوەیەک کە لە سیستمە تۆتالیتارییەکاندا، پێکهاتەی بڕیاردان، چ ناوخۆیی بێت یان دەرەکی، لەسەر دید و ڕەفتاری کەسی سەرکردە دامەزراوە. سیستەمی دیموکراتیک لە سروشتدا فرەییانەیە و ڕەنگە چاوەڕوان بکرێت کەسایەتی سەرکردە و سەرۆک زۆر دوور بێت لە سەپاندنی دیکتاتۆری کەسی بەسەر پێکهاتەی بڕیاردان. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، هەرچەندە سیستەمی ئەمریکی فرەیی و دیموکراسییە، بەڵام کۆدەنگییەک هەیە کە پێکهاتەی بڕیاردانی دەرەکی هەمیشە بە نزیکییەوە پەیوەست بووە بەو بەها و بیرۆکە کەسییانەی کە سەرۆک تێیدا بەشدارە. لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵێک پرسیار دەخەینەڕوو، وەک:

-بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی هەردوو خولی سەرکردایەتیکردنی دوناڵد ترامپ لە سیاسەتی دەرەوەی دا چین؟

-ئایا جیاوازی لەنێوان هەردوو خولی ئیدارەی تڕامپ دا هەیە لە سیاسەتی دەرەوە ؟

-بۆچی دۆناڵد تڕامپ لەسیاسەتی دەرەوەی دا زیاتر پشت دەبەستێت بە پراگماتیزمی سوودگەرایی؟

### گریمانەی توێژینەوە:

ئەو گریمانەیەی کە ئێمە ئەم توێژینەوەیەمان لەسەر دامەزراندووە، و توێژینەوەکە هەوڵی هەڵبژاردنی و پشتڕاستکردنەوەی داوە، ئەوەیە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کەوتۆتە ژێر کاریگەری بەها و تایبەتمەندییە کەسییەکانی سەرۆک ترامپ ، جگە لەوەش، لە هەردوو ئیدارەی ترەمپدا، ئەمریکا پراگماتیزمێکی سیاسی و ئابووریی گرتۆتەبەر کە پێشتر لە ئەمریکادا نەبینراوە، نەک تەنها بەرامبەر بە دوژمن و نەیارەکانی، بەڵکو ئەم پراگماتیزمە سوودبەخشە تەنانەت بۆ هاوپەیمان و دۆستەکانی ئەمریکاش درێژبووەتەوە. لە ساڵانی داهاتوودا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرەو سوودگەرایی ئابووری زیاتر ئاراستە دەکرێت، کە لە بەرامبەردا کاریگەری ئەو بەها ئابوورییانە دەبێت کە دۆناڵد ترامپ باوەڕیان پێیانە.

### ئامانجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە چەندین ئامانجی هەیە کە دەیەوێ لە ڕێگەیەوە پێیان بگات:

- شیکاریکردنی لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە خولی یەکەمی ترەمپدا.

-لێکۆڵینەوەیەک لە ڕەوتە سیاسەتە جێبەجێکراوەکانی لە خولی دووەمی ترەمپ تا ئێستا.

-شیکردنەوەی هەردوو ئیدارەی ترامپ لە دووکاتی جیاوازی سەرۆکایەتیەکەی دا.

سنووری توێژینەوە

توێژینەوەکەمان لە ڕووی چوارچێوەییەوە دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت:

-شوێن:لەڕووی شوێنگەراییەوە ، ئەم توێژینەوەیەی ئێمە لەسەر ئەمریکایە.

-لەڕووی کاتەوە: پەیوەستە بە سەردەمی هەردوو ئیدارەی ترامپ .

-لەڕووی بابەتییەوە: لە نێو چوارچێوەی زانستە مرۆڤایەتیەکان دا چەندین بابەت هەن کە ڕەهەندی ئایدۆلۆژی وسیاسی وکەسی هەبێت، ویەکێک لەو بابەتانە پرسی جیاوازی لە دوو خولی سەرۆکایەتیدا (دۆناڵد ترامپە)، کەواتە ئەمەش دەبێتە چوارچێوەی بابەتی ئێمە، بەوواتایەی ئێمەی تیشک وفۆکسمان دەخەینە کاریگەری سەرکردایەتی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

ڕێبازی توێژینەوە

توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی شیکاری ودرووستکردنی بریار بەستووە، بۆ لەبەرچاوگرتنی هەموو هۆکار و گۆڕاوەکانی دەوروبەری بابەتەکەی توێژینەوەکە. هەروەها توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی درووستکردنی بڕیار بەستووە، کە هەموو ژینگەی دەوروبەری پرۆسەی بڕیاردان لەبەرچاو دەگرێت، بە ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکیشەوە، جگە لە گۆڕاوە کەسییەکان و سەرکردایەتییەکان و سیستەمی بەهای کۆمەڵایەتی، ولە ڕووی تیۆریشەوە پشتی بەستووە بە تیۆری( سەرکردایەتی).

پلانی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان لە پێشەکی وسێ باس ودەرئەنجام ولیستی سەرچاوەکان پێکدێت، لە بەشی یەکەم دا تاوتوێی چوارچێوەی تیۆری دەکەین، کەلەسێ تەوەر پێکهاتووە( سیاسەتی دەرەوە، تیۆری درووستکردنی بڕیار، تیۆری سەرکردایەتیکردن)، ولە باسی دووەم دا گەنگەشە دەکەین لەسەر سەرکرادیەتیکردنی دۆناڵد ترامپ لە ئیدارەی یەکەمی دا کەلەسێ تەوەر پێکهاتووە( ڕوانگە و بیروباوەڕی دۆناڵد ترامپ، پرسە نێودەوڵەتیەکان، پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ولەباسی سێیەم وکۆتاییدا باس لە سەرکرادیەتیکردنی دۆناڵد ترامپ لە ئیدارەی دووەمی دا کەلەسێ تەوەر پێکهاتووە( ڕوانگە و بیروباوەڕی دۆناڵد ترامپ، پرسە نێودەوڵەتیەکان، پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)

## باسی یەکەم
## چوارچێوەی تیۆری

لەم باسەدا تاوتوێی سیاسەتی دەرەوە وتیۆری سەرکردایەتیکردن دەکەین، کەلەدوو تەوەر پێکهاتووە بەمشێوەیە:

### تەوەرەی یەکەم
### چەمك و پێناسەی سیاسەتی دەرەوە

پێناسەکردنی سیاسەتی دەرەوە کارێکی ئاسان نیە، تاوەکو ئێستا نەتوانراوە پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆسیاسەتی دەرەوە بکرێت، چونکە ناساندنی سیاسەتی دەرەوە ڕووبەڕووی چەندین کێشە وگرفت بۆتەوە ئەمەش بەهۆی جیاوازی بیروڕای بیرمەند و توێژەران و لێکۆڵەرانی بواری زانستی سیاسەتی دەرەوە بەهۆی ئەوەی لە هەر سەردەمێکدا بە شێوازێك پێناسەی بۆ کراوە، لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بگونجێ کە لە سەردەمەدا هەبووە، پێناسەکان بۆ سیاسەتی دەرەوە فرەو زۆرن هەر یەکێکیان گوزارشت لە ئایدۆلۆژیا یان باوەڕێکی دیاریکراو دەکات.

کاتێك ئاماژە بە سیاسەتی دەرەوە دەدرێت و هەوڵی تێگەیشتنی دەدرێت بە ئاماژەدان بە کۆمەڵێك نییەت (Intentions) کە پاڵ بە دەوڵەتان دەنێت و فۆرم و نەمەتێکی دیاریکراو لە ڕەفتارکردن بگرنە بەر، یان هەوڵی تێگەیشتنی لە سیاسەتی دەرەوە دراوە کە بریتیە لە کۆمەڵێك پلان(Plans)، یان ئاماژە دەدرێت بەوەی کە بریتیە لە کۆمەڵێك بڕیار(Decision) لە سیاسەتی دەرەوەدا، یان وا ئاماژە دەکرێت بە سیاسەتی دەرەوە، کە وەك هەوڵێکە بۆ هێنانەدی

ئامانجەکان (Aims) کە دەوڵەت بەدوایدا دەگەڕێت و هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك ڕێکار و ئامرازی جۆرا و جۆرەوە، کە دەوڵەت لەم پێناوەدا دەیانگرێتە بەر، یان هەندێکیان وا لە سیاسەتی دەرەوە تێگەیشتوون وەك ئەوەی کۆمەڵێك بنەمای گشتی بێت(General Principle)کە دەستنیشان و کۆنترۆڵی کردە و پەرچەکردارەکانی دەوڵەت دەکات لە ژینگە و بارودۆخی نێودەوڵەتی[1].

ئەگەر تیشك بخەینە سەر ئەو ئاماژانەی سەرەوە سەبارەت بە چەمکی سیاسەتی دەرەوە دەبینین یەك ڕاو یەك دەنگ نین بە شێوازێك کۆدەنگیەك نیە لەسەر ناساندن و پێناسەیەکی هاوبەش و یەکگرتووبۆ سیاسەتی دەرەوە، هەر بەهۆی ئەمەشەوە پێناسەکانی بۆ سیاسەتی دەرەوە زۆرن، هەر لەم سۆنگەیەوە هەوڵدەدەین ئاماژە بە چەندین پێناسە بدەین کە بیرمەند و زانایان دایانڕشتووە و شیانکردۆتەوە، بەجۆرێك جیاوازیان هەیە لەپێناسەکردنی ئەم چەمکە کە ئەویش بریتیە لە سیاسەتی دەرەوە.

هەریەك لە زانایان فیرنس و سنایدەر(Furni And Snyder) وادەڕوانن سیاسیەتی دەرەوە بریتیە لە "مەنهەجێك بۆ کارکردن یان کۆمەڵێك یاسا و ڕێسایە یان هەردووکیانە، هەڵبژێردراون بۆ کارکردن یان مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەیەك یاخود ڕاستیەکی دیاریکراو، کەڕوویداوە یان ڕوودەدات لە داهاتوو دا[2].

لەچوارچێوەی ئەم پێناسەیە وا دەردەکەوێ کە سیاسەتی دەرەوە کۆمەڵێك مەنهەجە بۆ کارکردن کە دەوڵەت پەیرەویان دەکات جا کێشەك بێت یان ڕووداوێکی دیاریکراو، ئەگەرتێبینی بکرێت دەبینین لەم پێناسەیەدا مەبەست لەکارکردنی دەوڵەت ئەوکەسانەن کە دەوڵەت بەڕێوەدەبەن و لە سیاسەتی دەرەوەدا نوێنەری دەوڵەتن کە ڕۆڵ دەبینن لە گۆڕانی سیستەمە نێودەوڵەتیەکان، لەلایەکی ترەوە نەیانتوانیوە جیاوازی بکەن لە نێوان سیاسەتی دەرەوە لەگەڵ سیاسەتی ناوخۆی دەوڵەت لێرەدا دیاری کراوەکانی سیاسەتی ناوخۆ دیاریان نەکردۆتەوە و فەرامۆشیان کردووە.

بیرمەندی تیۆری سیاسەتی دەرەوە کینت تومبسیون(Kent Thompson)بەم شێوازە پێناسەی سیاسەتی دەرەوە دەکات و دەڵێت"سیاسەتی دەرەوە بریتیە لەتێڕوانینی ئایدۆلۆژیا و تێڕوانینی شیکاری، ئەوەی یەکەم وادەردەکەوێت کە ئەو سیاسەتانەی درووست دەکرێن لەلایەن دەوڵەتەوە بەرامبەر بە دەوڵەتانی دەرەوە، ئەو دەربڕینانەیە کە لە بیروڕای سیاسیەکان و

کۆمەڵایەتی ئاینییەوە بەردەوام دەبێت، کە تیایدا سیاسەتی دەرەوەپۆلین دەکرێ بە (دیموکراسی و ستەمکاری و رزگاری خوازی و سۆشیالیزم و ئاشتی و دوژمنکاری)، بەڵام ئەوەی دووەم کە سیاسەتی دەرەوە بەهۆیەوە پۆلین دەکرێ بۆ چەند بنەمایەك (داب و نەریتی مێژوویی وڵات و پێگەی جوگرافی و بەرژەوەندی نیشتمانی و ئامانجی ئاسایش و پێوویستیەکانی[3].

بەبڕوای جۆرج مۆدلسکی (George Moodelsky)سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە"ئەو سیستەمە چالاك وپێشکەوتووەی کۆمەڵگایە کە دەگۆڕێت بە گۆڕانی دەوڵەتی بەرامبەر یان ئەو هەرێمەی کە ژینگەیەکی نێودەوڵەتی هەیە و لەم چوارچێوەیەدا دوو ئاستی (تێکراو، دەرهاتوو)[4].

ئەگەر سەرنجێك بخەینە ئەو پێناسەیە دەبینین سیاسەتی دەرەوە بەستووە بە کاریگەرییەکانی یەکە نێودەوڵەتیەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتی دا کە مەبەست لێی گۆڕینی ژینگەی نێودەوڵەتیە بە شێوازێك لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکە بگونجێ کە ئامانج لێی پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەتێك بەرامبەر بە دەوڵەتی تر.

---

(1) د.شماڵ حسێن، سیاسەتی دەرەکی(لەگەڵ چەند نموونەیەك لە سیاسەتی دەرەکی)، چاپی دووەم، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر، 2018، ل.ل16-17.

(2) محمد السيد سليم، تحليل السياسة الخارجية، ط2، مكتبة النهضة العربية، القاهرة، 1988، ص7.

(3) كينيث تومسيون، نظريات السياسة- الخارجية ومعظلاتها، مؤسسة فرانكلين المساهمة بالطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨6، ص 459

(4) شمال حسين مصطفى، القوة في السياسة الخارجية للولايات المتحدة الأمريكية، رسالة ماجستيرغير المنشورة، قسم العلوم السياسية، كلية القانون والعلوم السياسية، جامعة صلاح الدين، أربيل، 2008، ص36.

یان هەندێکیان پێیان وایە کە سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە(هەر هەڵسوکەوتێکی دەوڵەتە یان کارلێکەنێودەوڵەتیەکانە لە دەرەوەی سنوورەکانی جوگرافیەکەی).[1]

لە کۆی ئەمانەی کە باس کران سەبارەت بە چەمك و پێناسەکردنی سیاسەتی دەرەوە، لە کۆتاییدا دەتوانیین بەمشێوەیە پێناسەی سیاسەتی دەرەوە بکەین، سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە کۆی ئەو مەنهەج و تێروانینە ئایدۆلۆژیا و شیکاری و کاری چالاکیانەی دەوڵەت بەشێوازێك ڕێکخراوە، کە دەوڵەت لە ڕێگەیانەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی لە دەرەوەی سنوورە جوگرافییەکەیەوە جێبەجێ دەکات ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت دیاری دەکات، کە ئەنجامدانی ئەم سیاسەتە لەلایەن نوێنەران و بڕیار دروستەکرانەوە دەبێت کە مەبەست لێی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی باڵای وڵاتە و پاراستنی ئەم بەرژەوەندییانە لە سیستەمی نێودەوڵەتی دا.

## تەوەرەی دووەم

## چوارچێوەی دروستکردنی بڕیار

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە پێناسەیەکی تایبەت بۆ پرۆسەی دروستکردنی بڕیار نییە بەڵکو کۆمەڵێک هەوڵ هەیە بۆ پێناسەکردنی لە خوارەوە هەوڵ دەدەین گرنگترین پێناسەکانی دروستکردنی بڕیار ڕوون بکەینەوە:

-پێناسەی یەکەم: پرۆسەی بڕیاردان ئاماژەیە بۆ فۆرمەکانی کارلێکی نێوان بەشداربووان لەسەر هەموو ئاستی فەرمی و نافەرمی لە دارشتن و ڕوونکردنەوەی سیاسەتە گشتیەکان. پرۆسەی دروستکردنی بڕیار ئەرکی سەرەکی دامەزراوە سیاسییەکانی دەوڵەتێکە. دامەزراوە فەرمییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوە و لە هەڵبژاردنی بەدیلێکی گونجاو لە نێوان بەدیلەکانی بەردەست کە بە پلەی یەکەم ئامانجەکانیان بەدەست دەهێنێت. هەروەها پرۆسەی گەیشتن بە نۆرمێک یان هەڵبژاردنی بەدیلێکە لە دوو بەدیل یان زیاتر، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەدیل زۆرترین توانای چارەسەرکردنی کێشەیەکی هەیە بە شێوەیەک کە ئامانجە تایبەتەکانی دەوڵەت بەدیبهێنێت. بە واتایەکی تر بڕیاردان ئاماژەیە بۆ توانای وەرگرتنی ڕەفتارێکی دیاریکراو لە نێوان بەدیلەکانی پێشنیارکراوی[2].

-پێناسەی دووەم: ئاماژە بەوە دەکات کە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار ئەو پرۆسەیە کە تێیدا داواکارییەکان دەگۆڕدرێن بۆ بڕیار لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕێکار و کارلێکی نێوان سیستەمی سیاسی و ئەو بەستێنە کۆمەڵایەتیانەی کە لە باوەشیان دەگرن و کارلێکیان لەگەڵدا دەکەن[3].

-پێناسەی سێیەم: پرۆسەی دروستکردنی بڕیار: "ئەوە پرۆسەی کۆمەڵایەتییە کە لە ڕێگەیەوە کێشەیەک وەک بابەتی بڕیارێک هەڵدەبژێردرێت. ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ژمارەیەکی سنووردار لە بەدیلەکان، کە دواتر لەبەرچاو دەگیرێن و یەکێکیان جێبەجێ دەکرێت و جێبەجێ دەکرێت[4]" .

دەتوانین بڵێین پرۆسەی بڕیاردان بریتییە لەو کۆمەڵە ڕێسا و هەنگاوانەی کە بەشداربووان لە پرۆسەی بڕیاردان پەیڕەوی لێدەکەن بە مەبەستی هەڵبژاردنی دیاریکراو بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو. ئەو بناغە فەرمی و نافەرمییانەن کە بەهۆیانەوە بژاردە بەردەستەکان هەڵدەسەنگێندرێن و هەوڵدەدرێن بۆ بەدەستهێنانی کۆدەنگی لە نێوانیاندا.، دارشتنی سیاسەتی دەرەوە: ئاماژەیە بۆ کۆی ئەو چالاکیانەی کە دەگەنە لوتکە لە دامەزراندنی چوارچێوەی گشتی بۆ کردارە دەرەکییەکانی کۆمەڵگایەک لە ڕووی ئامانج و بنەما و ئاراستە گشتییەکانیەوە. بەم مانایە بەشداری چەندین دەزگا و هێز و گروپی فەرمی و نافەرمی لەخۆدەگرێت.

---

(1)حمدوش رياض، تأثير السياسة الخارجية الأمريكية على عملية صنع القرار في اتحاد الأوروبي بعد أحداث 11سبتمبر2001 ،رسالة دكتوراه، قسم العلوم السياسية كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة منتوري قسنطية،2011-2012،ص10.

()2 كمال المنوفي ، أصول النظم السياسية المقارنة ، وكالة المطبوعات للنشر، الكويت،1987 ،ص 41.

(3)عبد الغفار رشاد ، منهاج البحث في علم السياسة ،مكتبة النشر ، ط1 2004م، ص .201

( 4)عبدالغفار رشيد، المصدر السابق،ل٢٠١.

-درووستکردنی سیاسەتی دەرەوە: ئاماژەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بەدیلانەی کە بۆ کردەوە بەردەستن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەیەک یان دۆخێکی دیاریکراو. جەوهەری ئەم پرۆسەیە لە ئەرکی زانیاریی دەزگا سیاسییەکاندایە کە بەرپرسیارن لە گەیاندنی زانیاری و ڕاپۆرتی پێویست و دروست بۆ ئۆرگانەکانی بڕیاردان لە کاتی گونجاو و گونجاودا.[1]

جیاوازی سێ جۆر یەکەی درووستکردنی بڕیار بەم شێوەیەیە:[2]

یەکەم: یەکەی سەرکردەی سیاسی: ئەم گروپە لە بەرپرسی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و گروپێکی بچووک پێکدێت کە بۆچوونەکانی سەرکردەی سیاسی لە باوەش دەگرن. تایبەتمەندییەکی بنەڕەتییە: سەرکردە تاکە دەسەڵاتە بۆ بڕیاردانی سیاسی، لە کاتێکدا ڕۆڵی ئەندامەکانی ماونەتەوە ڕەنگدانەوەی ڕۆڵی سەرکردەی سیاسییە. لێرەدا کاریگەریی تایبەتمەندییە کەسییەکانی سەرکردەی سیاسی لەسەر بڕیاردان دەردەکەوێ. سەرکردەی سیاسی هەمیشە بەدوای زانیاریدا دەگەڕێت کە دیدگای خۆی پشتڕاست بکاتەوە و ئەو زانیاریانە ڕەتدەکاتەوە کە لەگەڵیدا ناکۆکە. بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی. ئەم یەکگرتوویی بڕیارە لەو سیستمانەدا دەردەکەوێت کە سەرکردەیەکی سیاسی کۆنترۆڵی دەکات و کراوەیە بەڕووی زانیاری نوێدا و هەڵیدەمژێت و دیدێکی تایبەتی هەیە بۆ یەکێتی نێودەوڵەتی.

دووەم: یەکگرتوویی گروپی یەکسان: ئەم یەکگرتوویی بڕیارە کاتێک دەردەکەوێت کە سەرکردەی سیاسی نەتوانێت دیدگای خۆی بەسەر باقی گروپەکەدا بسەپێنێت و کۆنترۆڵی بکات. لەم حاڵەتەدا بڕیاری سیاسی لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی بیروڕا و گفتوگۆ و وتووێژەوە دەدرێت.

سێیەم: یەکێتی گروپی سەربەخۆ: یەکگرتوویی بڕیارە لەو سیستەمە سیاسیانەدا دەردەکەوێت کە سیستەمی فرە حزبی دەگرنەبەر. بڕیارەکان تەنها بە کۆدەنگی نێوان ئەندامان، واتە ڕێککەوتنی لایەنە هەماهەنگەکان دەتوانرێت بدرێت. ڕەنگە ناکۆکی توند لەسەر هەڵبژاردنی باشترین بەدیل سەرهەڵبدات و بڕیاری دەرئەنجامی زۆرجار لەسەر بنەمای سازشکردنە.

فۆرم و شێوازەکانی بڕیاردان:

فۆرم و شێوازەکانی درووستکردنی جۆراوجۆرن، بەڵام لێرەدا باس لە دوو شێوازی سەرەکی دەکەین کە بڕیاردانی دەرەکی پێویستی بە هەڵبژاردنی بەدیلێک هەیە لە نێوان کۆمەڵێک بەدیلدا:[3]

1 -میتۆدی عەقڵانی (شیکاری) : ئەم میتۆدە تایبەتمەندە بە دەستنیشانکردنی پرەنسیپە بەردەست و ئەگەرییەکان بۆ ئەدای گونجاو و کردەیی و هەڵسەنگاندنی هەموو بەدیلەکان و دەرەنجامەکانی ڕیزبەندیکردنی هەموو بەدیلەکان و هتد و کاریگەرییان لەسەر ئامانجەکانی دەوڵەت و دامەزراندنی سیستەمی سیاسی. پاشان، ئەو بەدیلە هەڵدەبژێردرێت کە ئامانجەکانی دەوڵەت بەدەست دەهێنێت، بەبێ گوێدانە هەر فاکتەری تر. شێوازی بڕیاردانی یەکگرتوو لە دەوری هاوئاهەنگی لە نێوان ئەندامەکانیدا دەسوڕێتەوە، ئەوانەی باوەڕیان بە ئامانجی یەکگرتوو هەیە و ڕێککەوتنێک بۆ پەیڕەوکردنی میتۆدێکی عەقڵانی بۆ حیسابکردنی قازانج و زەرەر.

2- شێوازی عەقیدەی: ئەم شێوازە کاتێک ڕوودەدات کە سەرکردە بەدیلەکە هەڵدەبژێرێت، زیاتر وابەستەی بیروباوەڕ و تێڕوانین و وێنەکانی خۆیەتی. واتە هەڵبژاردنی بەدیلەکە پەیوەست نییە بە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە گۆڕاوە

---

(1) ابتهال مبروك،عملية صنع القرار الخارجي،موقع الموسوعة السياسية، تاريخ النشر2022/11/2، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٦/١٤:

%9B%8https://political encyclopedia.org/dictionary/%D %8A%D8%9D%84%9D%85%9D

(2) د إسماعيل صبري مقلد ، نظريات السياسة الدولية الكويت ، جامعة الكويت ، 1985م ،ص140-160

(3) حسين حسين صالح، عملية صنع السياسة الخارجية (دراسة سياسية)،مجلة جامعة اليمن العدد 8، ديسمبر 2022،ص11.

نێودەوڵەتی و ناوچەیی و نیشتمانییەکان. بەڵکو کاریگەرییان لەسەر ئامانج و بەهاکانی هەڵبژاردنی بەدیلەکە بە پێی بیروباوەڕ و وێنە و تێڕوانینەکانی سەرکردەی سیاسی دیاری دەکرێت.

## تەوەرەی سێیەم

## تیۆری سەرکردایەتیکردن

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە پێناسەیەکی تایبەت بۆ سەرکردایەتیکردن نییە، بەڵکو کۆمەڵێک هەوڵ هەیە بۆ پێناسەکردنی لە خوارەوە هەوڵ دەدەین گرنگترین پێناسەکانی ڕوون بکەینەوە:

یەکێک لە پێناسەکانی سەرکردایەتی بریتییە لە: توانای تاکێکە بۆ کاریگەریکردن و ئاراستەکردن و ڕێنماییکردنی کەسێک یان کۆمەڵێک کەس بە مەبەستی بەدەستهێنانی هاوکاری و پاڵنەریان بۆ کارکردن بە بەرزترین پلەی کارایی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان.[1]

پێناسەیەکی تر: "سەرکردایەتی ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی سەرەکییە کە تاکێک (سەرکردە) لە کاتی کارلێککردنیان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی گروپەکە (شوێنکەوتووان) دەیگێڕێت. ئەم ڕۆڵە بەو ڕاستییە تایبەتمەندە کە ئەو کەسەی کە ئەنجامی دەدات توانا و هێزی کاریگەری لەسەر کەسانی دیکە و ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانیان هەیە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی گروپەکە." جۆرێکە لە کارلێکی نێوان سەرکردە و شوێنکەوتوو، کە تیایدا تایبەتمەندییەکانی سەرکردایەتی و ژێردەستەیی تیشک دەخرێتە سەر.[2]

دەتوانیین بەمشێوەیە پێناسەی سەرکردایەتیکردن بکەین (توانای تاک بۆ کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و هەڵوێست و مەیلی ئەوانی ترەوە، کەتوانای سەرکردایەتیکردنی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لەسیاسەتی دەرەوەی دا).

تیۆرەکانی سەرکردایەتیکردن ئەمانەن:

یەکەم:تیۆری تایبەتمەندی سەرکردایەتی: :(The Traitist Theory of Leadership ):

ئەم تیۆرە هەوڵ دەدات ئەو تایبەتمەندیانە دەستنیشان بکات کە سەرکردەیەک جیا دەکەنەوە، جا چ جەستەیی، دەروونی، کەسی، یان کۆمەڵایەتی. بەڵام ئەم تیۆرییە وەڵامی پراکتیکی بۆ زۆرێک لەو پرسیارانە ناداتەوە کە سەبارەت بە سەرکردایەتی وروژێنراون، بەڵام سیفەتەکانی سەرکردایەتی ئاشکرا دەکات کە دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت و فێربکرێن ، وئەم تیۆرییە گەشەیەکی سروشتی چەمکی "تیۆری میرات"ە، کە پانتاییەکەی فراوانتر دەکات. یەکێکە لە یەکەم هەوڵە سیستماتیکییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەی سەرکردایەتی. ئەم تیۆرییە لەسەر بنەمای دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە تایبەتەکانە کە دەبێت سەرکردەکان هەیانبێت، و هەوڵدەدات ئەم تایبەتمەندییانە بۆ تاکەکان بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی دیاری بکات کێ وەک سەرکردە گونجاوە، بیرۆکەی پشت ئەم تیۆرییە لەسەر بنەمای پێویستی هەبوونی تایبەتمەندی تایبەت لە تاکێکدا دامەزراوە کە شایستەی سەرکردایەتیکردنیان بێت. ئەم تایبەتمەندیانە دەتوانرێت لە ڕێگەی بوونیانەوە لە کۆمەڵگادا بۆماوەیی یان بەدەست بهێنرێت. بە پێی ئەم تیۆرە سەرکردە کەسێکە کە خاوەنی تایبەتمەندی و توانای تایبەت بێت کە لە باقی گروپەکە جیایان دەکاتەوە. ئەم تایبەتمەندیانە لەوانەیە جەستەیی، دەروونی، یان دەروونی بن[3].

دووەم:تیۆری بارودۆخ : (Situational Theory)

ئەم تیۆرییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرکردەیەک کە لە قۆناغێکدا بۆ سەرکردایەتی گونجاو بێت، بەپێی بارودۆخێک، ڕەنگە بۆ بارودۆخێکی دیکە نەگونجێت. سەرکردەیەکی کاریگەر دەتوانێت لەسەر بنەمای سیفەت و تواناکانی دەوروبەری خۆی لە قاڵب بدات، ئاراستەیان بکات بەرەو ئامانج، وئەم تیۆرییە پێی وایە کە هەر تاکێکی ئاسایی و تەندروست دەتوانێت ببێتە سەرکردە ئەگەر خۆی لە دۆخێک یان قەیرانێکدا ببینێتەوە کە پێویستی بە چارەسەری هەیە و

---

(1) د. كامل المغربي وآخرون، أساسيات في الادارة، دار الفكر للنشر والتوزيع، 1995م، ص.ص١٦٣-١٦٤.

(2) د. شفيق رضوان، السلوكية الادارية،المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، 1994م، ص81

( 3) علي أل صبرة، القيادةالإدارية مفهوم والنظريات،أزمنة للنشر والتوزيع، عمان،2016، ص15.

توانای ئەوەی هەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات و چارەسەری قبوڵکراو پێشکەش بکات. مەرج نییە ئەم تاکانە توانای ناوازەیان هەبێت؛ دەتوانن کەسانی ئاسایی بن کە دەرفەتەکان دەقۆزنەوە. لەنێو ئەو توخمانەی کە تواناکانی سەرکردایەتی هەیە.[1]

سێیەم:تیۆری کارلێککردن( Interaction Theory):

سەرکردایەتی بریتییە لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی کە لەسەر بنەمای ئەم ڕەهەندانە دامەزراوە: سیفەتەکان + توخمە بارودۆخییەکان + تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێکخراوەی کە دەبێت سەرکردایەتی بکرێت. پێوەرێکی بنەڕەتی پێشنیار دەکات کە لە دەوری توانای سەرکردە بۆ کارلێککردن لەگەڵ توخمەکانی دۆخەکە و ئەرکە تایبەتەکان و ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەی کە سەرکردایەتی دەکرێت و هەمووان بەرەو ئامانجە خوازراوەکان بە سەرکەوتوویی و کاریگەرانە ببات.[2]

چوارەم:تیۆری ڕێگا-ئامانج(Path- Goal Theory)

ئەم تیۆرییە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە تا چەند سەرکردەیەک دەتوانێت کاریگەری لەسەر ژێردەستەکانی هەبێت بە جیاکردنەوەی ئامانجە ڕێکخراوەیی و کەسییەکان و پاڵنەریان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە. چوار شێوازی سەرکردایەتی دیاری دەکات: ڕێنمایی، پشتیوانی، بەشداریکردن و دەستکەوت .[3]

لێرەدا ئاماژە بە جۆرەکانی سەرکردایەتیکردن دەدەین، کە ئەمانەن:[4]

1 -دیکتاتۆری: سەرکردە دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و تاکەکان ناچار دەکات و هەڕەشە دەکات.

2 -سەرکردایەتی خۆسەپێن: ئەمەش بە بڕیاردان و داڕشتنی سیاسەت و پلان بە شێوەیەکی مەجازی بە تەنیا، بەبێ بەشداریکردنی مرۆڤ دەناسرێتەوە. تایبەتمەندە بە تێگەیشتنێکی بەهێز و پێناسەیەکی ورد بۆ ئەو ئەرکانەی کە ڕێگەیان پێدراوە بۆ هەر تاکێک، بەبێ گوێدانە سەرکردەکە.

3 -سەرکردایەتی دیموکرات:ئەمەش بە شێوازی بەشداریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بڕیاردان، پلاندانان و داڕشتنی سیاسەتدا تایبەتمەندە.

4 -سەرکردایەتی کەسی: پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان سەرکردە و تاکەکان.

5 -سەرکردایەتی باوکایەتی:پەیوەندی ڕاستەوخۆی سەرکردە و گەل، و خەمخۆری سەرکردە بۆ خۆشگوزەرانی و خۆشگوزەرانی شوێنکەوتووانی، دەبێتە هۆی ئەم جۆرە گەشەکردنە، و سەربەخۆیی و متمانەی کۆمەڵگا.

6 -سەرکردایەتی نافەرمی: ئەم تاکانە دوای ئەوەی پێگەیەکی فەرمی لەناو پێکهاتەی ڕێکخراوەییدا پێدەدرێت، سەر بە گروپە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە نافەرمیەکانن.

لە کۆتاییدا، دەتوانیین بڵێین کە مرۆڤ بەبێ گوێدانە پێگەی خۆی، کاریگەریی سیفەتی بۆماوەیی و بەدەست هێنراوی لەسەرە، کە هەردووکیان کاریگەرییان لەسەر کوالیتی ئەو بڕیارانە هەیە کە دەیدەن و ئەو ئاراستەیانەی دەیگرنەبەر. بە ڵام لە سەرکردایەتیکردنی سیاسەتی دەرەوەدا، پرسە کە گرێدراوە بە چەندین ڕەهەند و ڕەچاوکردنی زۆر ئاڵۆزەوە ، بە لە بە ڕچاوگرتنی فرەیی گۆڕاوە کان و خێرابوونی گۆڕانکارییەکان کە کاریگەرییان لەسەر سروشتی ئەو کە سانەی بە ڕپرسی دەسەڵات و حوکمڕانی هەیە ، و بەردەوام توانایان تاقیدەکاتەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە و بەڕێوەبردنی ئەو گوشارو ئاستەنگانەی کە ڕە نگە ڕووبەڕووی ببنەوە.

---

(1)سالم القحطاني، القيادة الإدارية، مكتبة المتنبي،الرياض ،2008،ص.20.

( 2)نجاح موسى مولى،نظرية التفاعلية الرمزية،مجلة الادب، العدد150، بغداد، سبتمبر2024،ص445.

(3) سالم القحطاني، القيادة الإدارية ،المصدر السابق ،ص.ص٩٨-٩٩.

( 4) د. كامل المغربي وآرون، أساسيات في الادارة،المصدر السابق،ص.ص١٧٤-١٧٥.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

## باسی دووەم

## سەرکرادیەتیکردنی دۆناڵد ترامپ لە ئیدارەی یەکەمی دا

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر بیروباوەڕی دۆناڵد ترامپ وئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی لەسەر هەرێمی ونێودەوڵەتی، لێرەدا دابەشی سێ تەوەر کراوە:

### تەوەرەی یەکەم

### ڕوانگە وبیروباوەڕی دۆناڵد ترامپ

ئیدارەی دۆناڵد ترامپ جیاواز لەئیدارەکانی پێش خۆی، هەوڵی داوە لە سیاسەتەکانی دەرەوەی دا، بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لە خزمەت وڵاتەکەی دا بێت، دوای ئەوەی لە کاتی هەڵبژاردن دا لە ساڵی 2016 توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ببێتە بە چل و پێنجەمین سەرۆکی ئەمریکا، ڕوانگە و بیروڕای ئەم سەرۆکە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئیدارەکانی پیشووتر، چونکە بەکەسایەتیەکی بازرگان و سەرمایەدار ناسراوە، بۆیە گرنگترین بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانی ئەمریکا لەسەرووی هەموو شتێکەوە دادەنێت.

گرنگترین بیروباوەری دۆناڵد ترامپ، ئەمانەن:

1-ترامپ لە سیاسەتی دەرەوەی دا بنەمای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەپێشەوە هەموو شتێکە (مبدأ أمريكا أولا) بەو واتایەی کە ئەمریکا نابێت هیچ بەرژەوەندییەك لەسەرووی بەرژەوەندییەکانی خۆی ببینێت، و ئەمریکا هیچ بەرپرسیاریەتێك وەرناگرێت سەبارەت بە دەوڵەتانی تر ئەگەر لە بەرامبەرئەمەدا دەستکەوتی نەبێت[1].

2-بنەمای دوورەپەرێزی(مبدأ العزلة)لە سیاسەتی دەرەوەدا، ترامپ وا دەبینێت کە پێوویست ناکات دەست لەکاروباری وڵاتانی تردا وەربدات لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکان لە جیهان ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە ووتارەکانی دا دەبینرێت[2]. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە پشت بە گۆشەگیری دەبەستێت بە تەواوەتی. تێبینی دەکەین چونکە هەندێک جار دەستوەردان لە کاروباری هەندێک وڵات دەکات.

3-باوەڕنەبوون بە دەستوەردانەکانی مرۆڤایەتی(تدخل الإنساني)وەك پاڵنەرێك بۆ دەستێوەردان لە کاروباربوڵاتانی تر، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچ بەرژەوەندیی ئابووری نابینێت لەمەدا، بەڵام کاتێك بەرژەوەندی ئەمریکای تێدا بوو ئەوە ڕێگای هێزی سەربازی و تاك لایەنە بەکاردەهێنێت[3].

4-پاراستنی بازرگانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، رەخنەی لە رێککەوتنامە بازرگانییەکانی نێوان دەوڵەتان دەگرێت و دەڵێت دواجار لە زیانی ئەمریکا دەشکێتەوە بۆیە رەخنەی توند لە رێککەوتنامەی النافتا (NAFTA) و رێککەوتنامەی تی تی پی(TTP)دەگرێت[4].

---

(1)يمني سليمان، توجهات السياسة الخارجية عند دونالد ترامب، المعهد المصري للدراسات السياسية و الإستراتيجية، القاهرة، 2016، ص2-3.

(2) نفس المصدر، ص، 2-3.

(3)نفس المصدر، ص، 2-3.

(4)يمني سليمان، توجهات السياسة الخارجية عند دونالد ترامب ،المصدر السابق،ص3-3.

*رێککەوتنامەی نافتا(NAFTA):بریتیە لەرێککەوتنی بازرگانی ئازاد بۆ وڵاتانی ئەمریکای باکوور، رێککەوتنێکە بۆ درووستکردنی ناوچەیەکی بازرگانی لەنێوان (ئەمریکا، کەنەدا، مەکسیك)، ئەم رێککەوتنە واژۆکرا بۆ ئالوگۆرکردنی بازرگانی لە نێوان وڵاتانی ئەمریکای باکوور، لە دیسەمبەری 1992، و لەساڵی1994کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

*رێککەوتنامەی( TTP):بریتیە لە رێککەوتنی هاوبەشی بازرگانی هەمەلایەن لەنێوان وڵاتانی ئۆقیانۆسی هێمن، بەمەبەستی زیاتر ئازادکردنی هەناردە لە ناوچەی ئاسیا و ئۆقیانۆسی هێمن، ئەم رێککەوتنامەیە واژۆکرا لە 2016/2/4 لە ئۆکلاند/نیوزلەندا، لەم رێککەوتنامەیەدا 12 دەوڵەت تێدا بەشدارن ئەوانیش(ئوسترالیا، برۆنای، نیوزلەندا، پیرۆ، ئەمەریکا، کەنەدا، چیللی، ژاپۆن، مەکسیك، مالیزیا، ڤێتنام)ئامانجی برگەکانی ئەم رێککەوتنە بریتیە لە بوژاندنەوەی ئابووری و پاڵپشتی کردنی کەسانی بەهرەمەند و پشتگیری کردن لە وەبەرهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی.

5-ڕێگەگرتن لە کۆچکردنی نایاسایی، ترامپ هەوڵ دەدات کە کەمترین هاووڵاتی ووڵاتانی تر کۆچ بکەن، تەنانەت هەندێ دەوڵەتی قەدەغەکردووە بۆ کۆچکردن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[1].

6-بیروباوەڕی دۆناڵد ترامپ لەسەر بنەمای ئابووری وەستاوە هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسەکان بەشێوەیەك دەکات کە چەندی دەستی دەکەوێت چونکە خۆی کەسێکی بازرگانە[2].

دەتوانیین بڵێن کە دۆناڵد ترامپ لە ڕێگەی ئەو بنەمایانەوە دەیەوێ هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زاڵ بکات بەسەر سیستەمی نێودەوڵەتی ئەمە لەلایەك، و لەلایەکی ترەوە ترامپ پێی وایە کە سیاسەت هونەری دەسەڵات نیە بەڵکو هونەری سەفقەیە، و کەسێکی بازرگانە و لایەنی ئابووری بەسەریدا زاڵە، ،پشت به سیاسەتیش دەبەستێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێک بابەتدا ، هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە پێوویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەر چاو بگرێت .

## تەوەرەی دووەم
## پرسە نێودەوڵەتیەکان

دۆناڵد ترامپ هاوشێوەی سەرۆکەکانی پێش خۆی ڕوانگەی تایبەت بەخۆی هەیە سەبارەت بە پرسە نێودەوڵەتیەکان بریتین لە:-

1-پەیوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا -ئەوروپا:- ڕوانگەی ترامپ سەبارەت بە ئەوروپا ئاماژە بەوەدەکات کە پێوویستە دەوڵەتانی ئەوروپا خۆیان پارێزگاری لە خۆیان بکەن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێت ئەم بودجە زۆرە بدات بۆ پارێزگاری کردنی دەوڵەتانی ئەوروپی تەنانەت ئاماژەی بەوەدەکات لە کاتێك ئەگەر دەوڵەتانی ئەوروپا نەتوانن خۆیان بپارێزن ئەوە ئەمریکا دەبێت لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەوروپا دا بکشێتەوە[3].

2-پەیوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەپێشەوە هەموو شتێکە-رووسیا:-لەسەردەمی باراك ئۆباما پەیوەندییەکانیان ئالۆز بوو ئەوەش بەهۆی ئەوەی لەسەر پرسی سووریا کە دوو ڕوانگەی جیاوازیان هەبووئەویش لابردنی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات کەچی رووسیا پشتگیری و هاوکاری ئەسەدی دەکرد بۆ مانەوە لە دەسەڵات، بەهاتنی ترامپ وادەبینێت باشتربوونی پەیوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ رووسیا لە بەرژەوەندی ئەمریکایە، و ئەمریکاش بە چاوێکی دوژمنکارانە سەیری رووسیا ناکات، بەشێوەیەك کە ئەویش لەگەڵ رووسیایە کە بەشار ئەسەد لە دەسەڵات بمێنێتەوە چونکە بەدیل نیە بۆ سەرۆکی سووریا[4].

3-پەیوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-چین:-بە تێڕوانینی ترامپ پێوویستە هەمواری تێدا بکرێت، ئەم پەیوەندییەی کە هەیە لەسەر بنەمای هێزە ئەمەش وای کردووە بۆشاییەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبدات، و چین دەسەڵاتی زیاتر بێت بۆیە دەبێت پەیوەندییەکان ڕێك بخرێت بەشێوەیەك کە لەگەڵ بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگونجێت[5].

دەتوانیین بڵێین ئەو ڕوانگانەی ترامپ خودی خۆی و ئیدارەکەی زۆر گرنگی بە بەرژەوەندییە باڵاکان دەدەن لە پرسە نێودەوڵەتیەکان کە پێوویستە هەردەوڵەتێکی ئەوروپی پارێزگاری لە خۆی بکات، وپەیوەندییەکانی لەگەڵ رووسیا باشتر بکات ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەمریکایە، ولەلایەکی ترەوە دەیەوێت بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زاڵ بێت لەرووی ئابووری و تەکنەلۆژی....هتد بەرامبەر بەچین.

---

(1)سليمان يمني، يمني سليمان، توجهات السياسة الخارجية عند دونالد ترامب ،المصدر السابق، ص3-3.

(2) نفس المصدر،ص3-3.

(3)د.مهند دويك، السياسة الخارجية الأمريكية تجاه الشرق الأوسط بعد فوز ترامب(الصراع السعودي-الإيراني),المركز الجزائرية للدراسات السياسةوالإستراتيجية، برلين –ألمانيا، 2017، ص.ص 302-303

(4) نفس المصدر، ص.ص 303-304.

(5)نفس المصدر ، ص 304.

## تەوەرەی سێیەم

## پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دۆناڵد ترامپ هاوشێوەی سەرۆکەکانی پێش خۆی ڕوانگەی تایبەت بەخۆی هەیە سەبارەت بە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتین لە:-

1-ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش):- بەهاتنی ترامپ بۆ سەر دەسەڵات هێرشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆسەر ئەم ڕێکخراوە چڕتر و خێراتر بوو بەهۆی ئەوەی ترامپ دەیووست بەزووترین کات ئەم ڕێکخراوە لەناوببات، چونکە پێی وابوو مانەوە و لەناونەبردنی ئەو هێزە تیرۆرستیە توندڕەوە هەڕەشەیە بۆ ئەمریکا وبەرژەوەندییەنەتەوەییەکانی، بۆیە پێوویستە هەرچی زوە لەناویان بات[(1)]

2-قەیرانی سووریا:-کاتێك ترامپ بوو بە سەرۆك سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە قەیرانی سووریا گۆڕا بەجۆرێك کە بە پێچەوانەی ئیدارەی ئۆباما، پشتگیری کرد لەمانەوی بەشارئەسەد لە دەسەڵات چونکە وا دەبینێت بە نەمانی ئەسەد ونەبوونی بەدیلێك و ترسی لەباروودۆخی دوای ئەسەد بوو[(2)].

3-ئێران و پرسی بەرنامەی ئەتۆمی:-لەدوای سەرکەوتنی ترامپ و بوونی بەسەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێککەوتنامەی ئەتۆمی ئێران بەرێککەوتنێکی وێرانکەر ناودەبات، پێی وایە هیچ بەرژەوەندییەکی ئەمریکا ڕەچاونەکراوە و تەنانەت هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەو زیاترکردنی گەمارۆدانی ئابووری کرد[(3)].

4-پاراستنی ئیسرائیل :-کە یەکێکە لە پرسە سەرەکییەکان لە ڕوانگەی ترامپەوە وا دەبینێت و ئاماژە بەوەدەکات کە پشتگیری ئیسرائیل دەکات و بەهاوبەشی سەربازی و ئابووری دادەنێت، تەنانەت قودسی بەپایەتەختی ئیسرائیل دانا کە ئەمە کاردانەوەی نێودەوڵەتی بەدوای خۆی دا هێنا[(4)].

5- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ووڵاتانی کەنداو: ئەولەویەتەکانی ئیدارەی ترەمپ لەم خولەی سەرکرادایەتیکردنی دا هەڵسا بە ئەنجامدانی دوو ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوە لەگەڵ دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو، کەناسراوە بە "ڕێککەوتنەکانی ئیبراهیمی" ، یەکەمین لە نێوان ئیسرائیل و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و دووەمیش لەنێوان ئیسرائیل و شانشینی بەحرەین ودواتر چەندین وڵاتی تری کەنداو هاتنە ناو ڕێکەوتنامەکە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان، وسەقامگیری ناوچەکە، وچەندین ڕێکەوتنی سیاسی وئابووری لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ووڵاتانی کەنداو.[(5)]

5-ووڵاتانی ئیسلامی:- ترامپ وای دەبینێت کە پێوویستە هاوپەیمانییەك درووست بکات بەسەرکردایەتی سعودیە لەدژی هەژموونی ئێران لە ناوچەکە و پاڵپشتی و هاوکاری ئەو هاوپەیمانیە دەکات وهەڕەشەلەوانە دەکات کەمەترسین بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەهێز وەڵامیان دەدات[(6)].

---

(1) إيمان عنان، ترامب و مستقبل السياسة الخارجية الأمريكية، مقال منشور في مركز البديل للتخطيط والدراسات الإستراتيجية, 10نوفمبر2016، ص3-3:تأريخ زيارة2020/8/27: http://elbadil-pss.org

(2) نفس المصدر، ص. ص3-4.

(3) نفس المصدر، ص. ص3-4.

(4)نفس المصدر، ص. ص3-4.

( 5)نسرين حاطوم، دونالد ترامب ودول الخليج: مسار جديد أم استمرار للسياسات السابقة؟، موقع عربي بي بي سي، تاريخ النشر20/يناير/2025، تاريخ الزيارة2025/6/14: o1z4nzp92https://www.bbc.com/arabic/articles/cde

(6) إيمان عنان، ترامب و مستقبل السياسة الخارجية الأمريكية ،المصدر السابق،ص.ص4-4.

## باسی سێیەم

## سەرکرادیەتیکردنی دۆناڵد ترامپ لە ئیدارەی دووەمی دا

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر بیروباوەڕی دۆناڵد ترامپ وئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی لەسەر هەرێمی ونێودەوڵەتی، لێرەدا دابەشی سێ تەوەر کراوە:

### تەوەرەی یەکەم

### ڕوانگە وبیروباوەڕی دۆناڵد ترامپ

دۆناڵد ترامپ لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٤ بەشداری لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا کرد ، توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت و ببێتە بە چل و حەوتەمین سەرۆکی ئەمریکا، ڕوانگە و بیروڕای ئەم سەرۆکە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئیدارەکانی پیشووتر، چونکە بە ڕەهەندی ئابووری وسیاسی یەکێکن لە بیروباوەڕەکانی سەرکردایەتیکردنی ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی دابۆیە گرنگترین بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانی ئەمریکا لەسەرووی هەموو شتێکەوە دادەنێت

گرنگترین بیروباوەری دۆناڵد ترامپ، ئەمانەن:[1]

١-دیدگای سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ لەسەر بنەمای "ئاشتی لەڕێگەی هێزەوە" دامەزراوە، کە بە وتەی خۆی ئامانجی ڕێگریکردنە لە جەنگی جیهانی سێیەم و گەڕاندنەوەی ئاشتی لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

٢- پاراستنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هێرشی دوژمنکارانە.

٣-پێشخستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

٤-مۆدێرنکردنی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی بەهێزترینی جیهان بمێنێتەوە.

٥-دڵنیابوون لەوەی کە هاوپەیمانان پابەندبوونە بەرگرییە بەکۆمەڵەکانیان جێبەجێ دەکەن.

٦-بەهێزکردنی توانا ئابووری و سەربازی و دیپلۆماسییەکان بۆ "پاراستنی شێوازی ژیانی هاوڵاتیانی ئەمریکی."، بەرگریکردن لە سنوورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

٧-زیندووکردنەوەی بنکەی پیشەسازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دەستەبەرکردنی هەلی کاری نوێ بۆ ئەمریکییەکان، یەکەمایەتیدان بە پیشەسازییەکانی بەرگری.

٨-پاراستنی ژێرخانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هێرشە ئەلیکترۆنییە دوژمنکارانە.

٩-دژایەتی و هەوڵەکانی بۆ وازهێنان لە ڕێککەوتنە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان .

لەکۆتاییدا دەتوانیین بڵێین کە ئیدارەی دووەمی ترامپ کار لەسەر هەندێک بنەمای نەگۆر هەن کە هیچ کات گۆڕانی بەسەر دا نایەت پاراستنی ئاشتی وئاسایشی وبەرژەوەندییە باڵاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەوەی دا لەپێشەوەی هەموو شتێکە، وپاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی یەکێکە لەو سیاسەتانەی کە ترامپ پەیڕەویان دەکات لەسەر بنەمای کەمترین تێچوو وزۆرترین، وچەندی دەستدەکەوێت.

(1 )KILIÇ BUĞRA KANATThe Second Trump Administration and Its Implications to the Global Order, Published By: SET VAKFI İktisadi İŞletmesi, SETA VAKFI,Vol. 26, No. 4 (Fall 2024),Insight Turkey,p.p39-40.
47Agenda DonaldJTrump, accessed on :18/11/2024,Date of visit16/6/2025:

https://www.donaldjtrump.com/platform

## تەوەرەی دووەم

## پرسە نێودەوڵەتیەکان

لەگەڵ دەستپێکی هاتنە سەر دەسەڵاتی ئیدارەی دووەمی تراپ، سەرکردایەتیکردنی لەسەر پرسەکانی ئاستی دەرەوەی دا بەمشێوەیە بوو:

١-بەخستنەڕووی ئەو بنەمایانەی کە تراپ لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی ئاماژەی پێدا، بووە جێگەی نیگەرانی لای هاوپەیمان و نەیارانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستە نەرێنییەکانی ترەمپ بەرامبەر بە فرەلایەنی، دژایەتی و هەوڵەکانی بۆ کشانەوە لە رێککەوتنە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان و سەرسامی بە ڕژێم و سەرکردە تاکڕەوەکان، وەهەروەها کشانەوە لە دامەزراوەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی و خزمەتکردنی ئامانجەکانی ڕووسیا و چین و دوورکەوتنەوە لە هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژئاوا.[1]

٢- جیاکردنەوەی خولی یەکەم و خولی دووەمی ترەمپ، زۆر شت گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و ڕووداوی گەورە ڕوویداوە، وەک سەرهەڵدانی شەڕەکانە لە زۆر شوێنی جیهان، دیارترینیان شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، گرژییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ شەڕە بەردەوامەکانی غەززە و لوبنان، مەترسییەکانی پەرەسەندنی ناوچەیی نێوان ئیسرائیل و ئێران، هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی گرژییەکان لە ناوچەی دەریای چینی باشوور بەهۆی گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و تایوان لە لایەک و چین لە لایەکی دیکەوە.[2]

٣-پەیوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وئەوروپا: لە خولی دووەمی دا هەوڵەکانی ترەمپ بۆ پەراوێزخستنی ئەوروپا و کۆتاییهێنان بە شەڕی ئۆکرانیا بە خێرایی، سەرەڕای ڕەخنەی وڵاتانی ئەوروپا سەبارەت بە پلانەکەی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە، وەهەروەها ناکۆکیی نێوان ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا لە ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر بڕیارنامەیەک سەبارەت بە قەیرانی ئۆکرانیا بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ، ئەم بڕیارنامەیە شکستی هێنا لە بەرپرسیارێتی ڕووسیا لەو دەستدرێژییە و لەلایەن ژمارەیەک وڵاتی ئەوروپییەوە دژایەتی کرا، وسەرکردایەتی کردن و عەقڵیەتی بازرگانی هاوشێوەی ترەمپ، وەهەروەها لەلایەکی ترەوە وایکردووە ترەمپ جەخت لەوە بکاتەوە کە ئەو پارەیەی ئەمریکا کە بۆ قەیرانی ئۆکرانیا خەرج کردووە دەبێت وەربگیرێتەوە. ئەو ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر بەو پێشنیازە کە کییڤ زەوییەکی بەرفراوان بداتە مۆسکۆ، تەنانەت داوای ٤٠٠ مليار پاوەندی سامانی کانزای ئۆکرانیای کرد لە بەرامبەر بەدەستهێنانی چەکی ئەمریکی لەلایەن ئەو دووەمیانەوە، وجگەلەمەش هەڕەشەی ئەمریکا بۆ کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ئەوروپا، بەمەش دەستبەرداری ئاسایشی ئەوروپا دەبێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەوروپییەکان ترسیان لە هێزە سەربازییەکانی ڕوسیا هەیە. شایەنی باسە، ترەمپ لە خولی پێشوویدا هێرشی کردە سەر وڵاتانی ئەوروپا، وەک ئەڵمانیا، بەهۆی خەرجی بەرگری و چەکەکانیانەوە.[3]

(1 ) Walter Frick, “Donald Trump’s Foreign Policy Plans Are Predictably Unpredictable,” Bloomberg, 10/11/2024, accessed on14/6/2025:
https://www.bloomberg.com/news/newsletters/2024-11-10/how-donald-trump-will-reshape-foreign-policy-in-his-second-term

(2 )Robert Beck, “Trump 2.0 and Foreign Policy,” Monadnock Ledger-Transcript, 11/11/2024, accessed on14/6/2025:
https://www.ledgertranscript.com/Robert-Beck-on-Trump-foreign-policy-57924941

(3 )Joseph M. Humire,The Foreign Policy Foundations of Trumpism Las bases de la política exterior del trumpismo, Norteamérica, Revista Académica del CISAN-UNAM, año 19, número 1, enero-junio de 2024,p.p13-14.

٤-پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وروسیا: لەگەڵ دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ و گەڕانەوەی فەرمی بۆ کۆشکی سپی، یارمەتیدەر بێت بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ستراتیژییەکانی واشنتۆن سەبارەت بە قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، شەڕی ئۆکرانیا کە یەکێکە لە مەترسیدارترین قەیرانەکانی جیۆپۆلەتیکی و لە ساڵی ٢٠٢٢ەوە بەردەوامە، یەکێکە لەوپرسانەی کە ڕووبەڕووی تڕامپ دەبێتەوە لە کاتێکدا ئەمە ئابووری جیهانی ڕووبەڕووی قەیران دەکات، پێدەچێت سزاکانی سەر نەوتی ڕووسیا یەکێک بێت لەو کلیلانەی کە ڕەنگە ترەمپ هەوڵی پراکایزەکردنی بدات، یان بۆ توندکردنەوەی سزا لەسەر مۆسکۆ یان بۆ هەوڵدان بۆ دانوستان، ڕەنگە بژاردەکانی ترەمپ لە ڕێبازێکی سازانەوە دەست پێبکات کە هەوڵی کەمکردنەوەی سزاکان دەدات بە ئامانجی دەستەبەرکردنی پێشکەوتنێکی دیپلۆماسی، تا ڕێبازێکی پەرەسەندن کە فشارە ئابوورییەکان لەسەر ڕووسیا زیاد دەکات بۆ ئەوەی ناچاری بکات لە دانوستانەکاندا ئیمتیازات بدات. بە پێچەوانەوە، ترەمپ ڕەنگە ئامرازەکانی فشار لەسەر کێێڤ بەکاربهێنێت، وەک ڕاگرتنی یارمەتییە سەربازییەکان، بۆ ئەوەی پاڵ بەوەوە بنێت بۆ قبوڵکردنی مەرجەکان، بەڵام خزمەت بە هەوڵەکانی واشنتۆن دەکەن بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیری خێرای ناوچەکە، هەروەها لەلایەکی تریشەوە هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی دەکات لەگەڵ ڕووسیا.(1)

٥- پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وچین: لەگەڵ هاتنی ترامپ بۆ سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆجاری دووەم، ناکۆکیەکانی نێوان چین وئەمریکا گرژی بەخۆیەوە بینی، زیادکردنی باج لەسەر کاڵا چینییەکان بۆ ٦٠% و تەنانەت ١٠٠%. ئەمە تاکتیکێکە کە ترەمپ لەماوەی سەرۆکایەتیدا پەیڕەوی لێکرد، بەمشێوەیە پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان چین و ئەمریکا دەچێتە قۆناغێکی نوێی گرژییەوە، دوای ئەوەی پەکین وەڵامی بڕیارەکەی ئەمریکای دایەوە بۆ سەپاندنی باجی نوێی 10% لەسەر هەناردەی چین. ئەمەش وایکرد چین ڕێوشوێنی تۆڵەسەندنەوە بگرێتەبەر، لەوانە سەپاندنی باج بەسەر هاوردەکردنی ئەمریکا و توندکردنەوەی سنووردارکردنی هەناردەکردن لەسەر کانزا گرنگەکان. بەپێی ڕاپۆرتێک کە ڕۆژنامەی ئیکۆنۆمیست بڵاوکراوەتەوە، ئەم هەنگاوانە تەنها وەڵامێکی تۆڵەسەندنەوە نین، بەڵکو هۆشدارییەکی ئاشکرایان هەیە سەبارەت بە هەڵکشانی ئابووری جدیدتر کە دەتوانێت گەشە بکات بۆ شەڕێکی بازرگانی تەواو. لە وەڵامێکی یەکلاکەرەوەدا بۆ ئەو باجانەی کە لەلایەن ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکاوە سەپێنراون، چین زنجیرەیەک ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوەی ئابووری ڕاگەیاند کە کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا و کەرتە گرنگەکانی کردە ئامانج، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەڵکشانی نوێی شەڕی بازرگانی نێوان دوو گەورەترین ئابووری جیهان.(2)

## تەوەرەی سێیەم
## پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لەگەڵ دەستپێکی هاتنە سەر دەسەڵاتی ئیدارەی دووەمی تڕامپ، سەرکردایەتیکردنی لەسەر پرسەکانی ئاستی دەرەوەی دا بەمشێوەیە بوو:

1-ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش):- شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە سەردەمی سەرۆک ترامپدا لەخولی یەکەمی دا یەکێک لە پرسە سەرەکیەکانی، بەڵام لە ئیدارەی دووەمی تڕامپ بەشێک لە هێزە سەربازییەکانی

(1)بعد تنصيب ترامب.. نهجان محتملان للتعامل مع "روسيا"،موقع سكاي نيوز عربية، تاريخ النشر22/يناير/2025، تاريخ لزيارة١٢/٦/٢٠٢٥:

https://www.skynewsarabia.com/business/1770979-%D%8AA%D%86%9D%8

(2) هكذا ردت الصين على ترامب.. قيود على المعادن النادرة ونذر حرب تجارية، موقع الجزيرة نت،تاريخ النشر2025/2/6،تاريخ الزيارة١٢/٦/٢٠٢٥:

ht t ps: / / www. al j azeera. net / ebusi ness/ /2/2025

کشاندەوە لە عێراق وسووریا ،تەنیا بەشێکی کەمی هێشتەوە بۆ ڕاهێنان کردنی ئەوهێزانەی کە ڕووبەڕووی گروپە تیرۆرستیەکان دەبنەوە.[1]

2-قەیرانی سووریا:-پێش هاتنی ترامپ ڕژێمی ئەسەد ڕووخا بەمەش دۆخەکە بە تەواوی گۆڕا، ئیدارە نوێی دامەزرا کە ئەحمەد ئەلشەرع سەرۆکایەتی دەکات، یەکێک لەکارە سەرەکیەکانی بەهەماهەنگی تورکیا وسعودیە بووە هۆی هەڵگرتنی سزا وئابلۆقەکان لەسەر سوریا لەلایەن ترامپەوە وئاماژەی بەوە دا کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت پشتیوانی لە حکومەتی ئەحمەد ئەلشەرع بکات،بەمەرجێک هەنگاوی یەکەم هەوڵی سەقامگیری سیاسی بنێت، وەک پێکهێنانی حکومەتێک کە دیموکراسی تێدا بەرجەستە بێت، بەبەشداری هەموو پێکهاتەکان لەنێویانشیاندا ئۆپۆزسیۆن، وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی کاربکات بۆ پێشکەشکردنی یارمەتییەکانی ئاوەدانکردنەوەی مەرجدار، بە مەرجێک حکومەتی نوێ پابەند بێت بە ستانداردەکانی شەفافیەت و چاکسازی ئابووری و دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بکاتەوە.[2]

3-ئێران و پرسی بەرنامەی ئەتۆمی:- بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران هێڵێکی سوورە کە پێناچێت ترەمپ ڕێگە بە ئێران بدات بەرەو چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت، کە ترامپ هەوڵدەدات ئێران ناچار بکات بەو مەرجانە ڕازی بکات ودەستبەرداری بەرنامە ئەتۆمیەکەی بێت، بۆ ئەم مەبەستە پلانی بژاردەی دەستێوەردانی سەربازی ئیسرائیل و ڕەنگە تەنانەت دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکاش لەخۆدەگرێت.[3]

4-پاراستنی ئیسرائیل:- دوابەدوای هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، ترەمپ پشتیوانی "تەواو و بێ مەرج"ی خۆی بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئیسرائیل دووپاتکردەوە و وتی "من پشتگیری ئیسرائیل دەکەم وەک ئەوەی پێشتر هیچ حکومەتێکی ئەمریکا نەیکردووە". هۆشداریشی دا، ئەگەر ئێران دەست لە هێرشکردنە سەر ئیسرائیل نەهێنێت و نەیەتە سەر مێزی دانوستان، هەموو شتێک لە ئێران لەناو دەبات. ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ بەشداریکردنی ئەمریکا لە خستنەخوارەوەی مووشەک و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێران کە لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەوە ئەمریکا بەهەموو جۆرێک پشتگیری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئیسرائیل کرد ، پێشکەشکردنی زانیاری و پشتیوانی هەواڵگری، ترامپ جەخت دەکاتە سەر پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل لەناوچەکەدا یەکێکە لە ئەولەویەتەکانی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[4]

٥-ووڵاتانی کەنداو: ئیدارەی دووەمی ترامپ، هاوپەیمانی بەهێزکردنی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی سعودیە، ئیمارات و بەحرەین دەپارێزێت، ئەمەش وەک بەشێک لە ستراتیژی فراوانتری خۆی بۆ گەیشتن بە سەقامگیری ناوچەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ئەمنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمەش پشت بە بەهێزکردنی هاوکارییە سەربازی و ئابوورییەکان دەبەستێت لە ژێر ڕۆشنایی پەرەسەندنی هەڕەشەکانی ترەمپ کە سیاسەتی پشتیوانی بەردەوامی لە ڕژێمەکانی کەنداو گرتۆتەبەر. ترەمپ بەردەوام دەبێت لە بەهێزکردنی هاوبەشی ستراتیجی لەگەڵ ئەو وڵاتانە لە ڕێگەی ڕێککەوتنی

---

() 1مكافحة الإرهاب ـ ما تداعيات عودة "ترامب" على مكافحة الإرهاب؟، موقع المركز الاوروبى للدراسات، تاريخ النشر٢٠٢٤، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٦/١٢:

https://www.europarabct.com/

(2)عدي محمد الضاهر،السياسة الأميركية في ظل إدارة ترمب تجاه سوريا الجديدة، موقع السورية، تاريخ النشر2025/1/25، تاريخ الزيارة2025/6/12:

**https://www.syria.tv/**

(3) رافد الجبوري،ما الذي سيفعله ترامب في الشرق الأوسط؟، موقع بي بي سي عربي، تاريخ النشر 20/يناير/2025، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٦/١٢:

https://www.bbc.com/arabic/articles/cx2jg8qq7rno

(4)د.أيمن سمير، تسعة محددات:كيف يفكر ترامب في حرب إسرائيل وإيران؟، موقع المستقبل، تاريخ النشرـ ٢٠٢٥/٦/١٧، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٦/١٧:

https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/10250

چەک و هاوکاری ئەمنی، جگە لە بەرزکردنەوەی هاوکاری لە بوارەکانی وزە و بازرگانی. لە هەمان کاتدا، ڕەنگە هاوکارییەکان لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا فراوانتر بن، چونکە دەوڵەتانی کەنداو ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پشتیوانیکردنی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو گروپانەی کە ئەمریکا وەک ڕێکخراو و گروپی تیرۆریستی دەستنیشانیان کردووە، وهاوپەیمانی سەرەکین بۆ ئەمریکا لەڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا.[1]

دەتوانیین لەکۆتاییدا بەمشێوەیە جیاوازی بکەین لە هەردوو خولی سەرکردایەتیکردنی ترامپ لە سیاسەتی دەرەوەی دا:

سیاسەتی دەرەکی لە سەردەمی ترەمپدا، گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەو ڕێگا تەقلیدیانەی کە ئەمریکا لە دەیەکانی ڕابردوودا گرتویەتییەبەر. ئەم قۆناغە بە بنەمای ( ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پێشەوەی هەموو شتێکە) بەرجەستەبووو کە هەوڵیدا ئەولەویەتەکانی دەرەوە ڕێکبخاتەوە، پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان کەم بکاتەوە و دانوستاندن لەسەر ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکات. هەروەها پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەناکۆکی و گرژی لەگەڵ هەندێک هاوپەیمانی تەقلیدی و گرنگیدان بە ڕکابەرییە گەورەکان لەگەڵ چین و ڕووسیا دا بوون.

سەرکردایەتی ئیدارەی یەکەمی ترەمپ:

- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پێشەوەی هەموو شتێکە ئیدارەکە بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییە نیشتمانییەکانی لە پێشینەی پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان دانا، ئیدارە هەوڵدرا دەستێوەردانەکانی سەربازی لە دەرەوەی وڵات کەم بکاتەوە و سەرنجی لەسەر دەسەڵاتی ئابووری وسیاسی بێت.

-پەیوەندی لەگەڵ چین: ترەمپ لە چوارچێوەی شەڕی بازرگانی توندوتۆڵدا، باجی زۆری بەسەر ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی چینیدا سەپاند، چینی بە شێوازی بازرگانی نادادپەروەرانە و دزینی خاوەندارێتی فیکری و دەستکاریکردنی دراو تۆمەتبار کرد.، سەرەڕای گرژییەکان.، هەروەها ئیدارەی ئەمریکا هاوکارییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمن بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییەکانی چین بەهێزتر کرد.

-کشانەوە لە ڕێککەوتن و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان: کشانەوە لە ڕێککەوتنی کەشوهەوای پاریس (٢٠١٧).، کشانەوە لە هاوبەشی ترانس پاسیفیک.(TPP) ، کشانەوەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران لە ساڵی ٢٠١٨ و سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێراندا، وهەڕەشەی کشانەوەی لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) دەکرێت.

- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ قودس (٢٠١٨) کە گرژییەکی بەرچاوی لە ناوچەکەدا دروستکرد.، هاندەری واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکانی ئیبراهیم لە نێوان ئیسرائیل و ئیمارات، بەحرەین، سودان و مەغریب، هاوکات هاوپەیمانییەکانی لەگەڵ هەندێک لە وڵاتانی کەنداو بەهێزتر کرد.، توندکردنەوەی گەمارۆکانی سەر ئێران و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی سنووردار لەدژی بریکارەکانی.

-ڕووسیا: سەرەڕای لێکۆڵینەوەکانی ئیدارەی ترەمپ سەبارەت بە دەستوەردانەکانی ڕووسیا لە هەڵبژاردنەکاندا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا بە نادڵنیایی تایبەتمەند بووە. هەوڵەکانی باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ فشارەکان لەسەر پرسەکانی وەک سوریا و ئۆکرانیا تێکەڵ دەکات.، لە چەندین بواردا سزا بەسەر ڕووسیادا سەپێنرا.

-هاوپەیمانانی نەریتی: ترەمپ ڕەخنەی لە هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ گرتووە و داوای زیادکردنی هاوکارییە داراییەکانی کردووە.، وهەندێک هاوپەیمانی ئەوروپی بە "دوژمنی ئابووری" وەسف کردووە.

-سیاسەتی سەربازی و ئەمنی: کشانەوەی بەشێکی هێزەکان لە هەندێک ناوچەی جێناکۆک (سوریا و ئەفغانستان)،زیادکردنی خەرجییە سەربازییەکان بە گرنگیدان بە مۆدێرنکردنی چەک، گرتنەبەری سیاسەتێکی بەهێزی ڕێگریکردن لە دژی نەیارانی ستراتیژی.

---

(1)محمد حسن سعد، ملامح السياسة الخارجية لإدارة ترامب الثانية: توجهات تصعيدية وتحولات إستراتيجية، مركز الحمورابي، العراق،٢٠٢٤،ص٥.

ئاییندەی سەرکردایەتی ئیدارەی دووەمی ترامب:

- جێبەجێکردنی بنەمای ئاشتی لەڕووی هێزەوە: بەردەوامبوون لە گرنگیدان بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمریکا، لە هەمان کاتدا کەمکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ڕێککەوتن و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە ئیدارە بە نادادپەروەرانە یان تێچووی زۆری دەزانێت.

-سیاسەتێک کە لەسەر بنەمای دەسەڵاتی ئابووری و سەربازی دامەزراوە: بەکارهێنانی سزا ئابوورییەکان وەک ئامرازێکی سەرەکی فشار، لە هەمانکاتدا پەرەپێدانی توانا سەربازییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ڕێگریکردن.

-ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ فرەلایەنی نێودەوڵەتی: هەڵسەنگاندنەوەی ڕۆڵی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان، بە چاوی دووبارە دانوستان یان کشانەوە لە ڕێککەوتنەکان کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ناکەن.

- چین: پەرەسەندنی ڕووبەڕووبوونەوە لە بواری ئابووری و تەکنەلۆژی و سەربازیدا.، وچڕکردنەوەی فشارەکان لەسەر چین بۆ پابەندبوون بە ڕێساکانی بازرگانی نێودەوڵەتی و ڕێگریکردن لە دزینی خاوەندارێتی فیکری.، وپاڵپشتیکردنی هاوپەیمانانی ناوچەیی (ژاپۆن، کۆریای باشوور، هیندستان، ئوسترالیا) وەک بەشێک لە ستراتیژێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەریی پەرەسەندنی چین لە ئاسیا و زەریای هێمن.

-ڕووسیا: پاراستنی سیاسەتێکی توندی سزاکان بەهۆی دەستوەردانی مۆسکۆ لە سیاسەتی ئەمریکا و پرسە ئەمنییەکان لە ئەوروپا (وەک قەیرانی ئۆکرانیا).، هەوڵدان بۆ گەیشتن بە هەندێک سەقامگیری لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە، لەگەڵ هۆشداری بەردەوام لە بەرامبەر هەر جوڵەیەکی دوژمنکارانە.

-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: بەهێزکردنی پشتیوانی بۆ ئیسرائیل و بەردەوامبوون لە پاڵنانی ڕێککەوتنەکانی ئاساییکردنەوەی نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتانی تری عەرەبی.

-پاراستنی زۆرترین فشار لەسەر ئێران لە ڕێگەی سزا ئابووری و سیاسییەکانەوە، لە هەمان کاتدا ڕەتکردنەوەی گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە فۆرمی پێشووی خۆیدا.

-دوورکەوتنەوە لە تێوەگلانی ڕاستەوخۆ لە ململانێ ناوچەییەکان لە کاتێکدا پشت بە هاوپەیمانە ناوخۆییەکان دەبەستن.

- ئەوروپا و ناتۆ: داواکردن کە هاوپەیمانان بەشدارییە داراییەکانیان لە هاوپەیمانیدا زیاد بکەن، لەگەڵ هەڕەشەی ئەگەری بۆ کشانەوەی پشتگیرییەکان لە ئەگەری پابەندنەبوون، هەوڵدان بۆ دانوستاندن لەسەر هەندێک ڕێککەوتنی ئەمنی و بازرگانی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا.

- پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان: بەردەوامی فشارەکان بۆ چاکسازی لەم ڕێکخراوانە بۆ ئەوەی کاریگەرتر و نوێنەری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بن.،لەگەڵ ئەگەری کشانەوە لە هەندێک ڕێکخراو ئەگەر چاکسازی نەکرێت.

-تایبەتمەندییە تاکتیکییەکان: بەکارهێنانی سیاسەتی سزاکان وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ فشارخستنە سەر دەوڵەتە دوژمنکارەکان، و دانوستانی توند لەگەڵ هاوپەیمانان بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی بارگرانییە دارایی و سەربازییەکان، گرنگیدان بە کەمکردنەوەی دەستێوەردانەکانی سەربازی کە تێچووی زۆری دەوێت، لە هەمان کاتدا تواناکانی هەواڵگری و ئۆپەراسیۆنی تایبەت بەهێز بکەن، بەهێزکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و پاراستنی ژێرخانی گرنگی ئەمریکا لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین ئەزموونی هەردوو ئیدارەی ترەمپ، چ ئێستا و چ ئەگەری، تیشک دەخاتە سەر گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە تایبەتمەندییەکانی بڕیاردانی سیاسی لەناو ئەمریکادا، چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. لە ناوخۆدا، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بە مەیلی پۆپۆلیستی ڕوون تایبەتمەند بوو، کە لەسەر بنەمای قسەی ناسیۆنالیستی و هاندانی ئابووری لەسەر بنەمای کەمکردنەوەی باج ، لەگەڵ هەڵوێستە توندەکان سەبارەت بە پرسەکانی کۆچبەری و چاودێری تەندروستی. ئەم سیاسەتانە بووە هۆی دابەشبوونی توند لەناو ئەمریکادا، کە لە نەمانی

متمانە لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دامەزراوە فیدراڵیەکان و پەرەسەندنی گرژییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان دەرکەوت،.

دیاردەی "ترەمپیزم" نوێنەرایەتی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی دەکات لە شێوازی سەرکردایەتی سیاسی لەناو ئەمریکادا، بەرجەستەکردنی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزمی ناسیۆنالیستی لە بەرامبەر نوخبە سیاسییەکان و دامەزراوە نەریتییەکان. یەکەم ئیدارەی ترەمپ (٢٠١٧-٢٠٢١) ساتێکی سەرەکی بوو لە مێژووی سیاسی ئەمریکادا، کە سیاسەتەکانی ئابووری و بازرگانیی دووبارە داڕشتەوە و ڕێبازێکی تاکلایەنەی بۆ سیاسەتی دەرەوە گرتەبەر.

لە سیاسەتی دەرەوەدا، ئیدارەی ترەمپ ڕێبازێکی تاکلایەنەی پەیڕەو کرد بە کشانەوە لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان (وەک ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران و ڕێککەوتنی کەشوهەوای پاریس) و دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکان لە ڕێگەی فشاری ڕاستەوخۆ بۆ سەر هاوپەیمانان و نەیاران بە هەمان شێوە. ئەم گۆڕانکارییە وەک لادانێک لە نەریتی فرەلایەنە سەیر دەکرێت کە بۆ دەیان ساڵە تایبەتمەندی سیاسەتی ئەمریکا بووە، بەمەش "ڕێبازێکی مامەڵەیی نەک ستراتیژییەکی دەرەکی یەکگرتوو".

## دەرئەنجام

لەکۆتاییدا گەیشتینە بەم دەرئەنجامانە خوارەوە:

١-سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەمیشە لە ژێر کاریگەری بیرۆکە و دوکتورینە پراگماتیک و سوودبەخشەکاندا بووە. لە ڕووی مێژووییەوە کارە سەرەکییەکانی ئەمریکا خۆی دەبینیەوەلە بەرژەوەندیە باڵاکانی خۆی، بەڵام لە سەردەمی ئیدارەی تڕامپ دا ، زیاتر دەرکەوتەوە.

٢- زمانی سیاسی ترەمپ ئابوری و بازرگانی و قازانجە.و لە گەل ئەمەشدا بایەخ بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکانی دادپەروەری و یەکسانی داوە، وهەروەها جەخت دەکاتە سەر بەرژەوەندیە نیشتمانییەکانی ولاتەکەی.

٣ -سەرکەوتن و پێشەنگ کردنی ئەمریکا دروشمی سیاسی و ئابووری ئیدارەی ترەمپ بوو، چ لە ئیدارەی یەکەمی (2017-2020) و چ لە ئیدارەمی دووەمی (2025). ئەو خەمی هیچ کردار و چالاکیەک نییە کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بگەیەنێت، جگە لە باڵادەستی ئەمریکا.

٤-ڕێبازی ترەمپ، ڕەنگە بتوانین بڵێین، ڕێبازێکی شەڕانگێزانە نییە، بەڵکو ڕێبازێکی هێرشبەرانەی ئابوورییە(پراگماتیزمی سوودگەراییە) کە هەمیشە پراکتیزەی کردووە لە سەپاندنی سزای ئابووری یان باجی بازرگانیدا، جگەلەمەش دۆناڵد تڕامپ خۆی بازرگانە ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر سەرکردایەتیکردن لەسیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی دا.

٥- شەڕی بازرگانی تاکە ئامرازە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو زلهێزەکانی دژبەری ئەمریکا، چ چین یان ڕووسیا.

٦-دەبینین تڕامپ لە خولی یەکەمی دا بنەمای (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەپێشەوە هەموو شتێکە) پراکتیزەکرد لەگەڵ پشت بەستن بەئامرازی ئابووری بەستبوو کە( چەندی دەستدەکەوێت) لەپاڵ ئامرازە سیاسیەکەی، بەڵام لەخولی دووەمی زیاتر بنەمای( ئاشتی لەڕووی هێزەوە) وتەنانەت پشت بە ئامرازی سیاسی وستراتیژی بەستووە لەپاڵ ئامرازە ئابوورییەکەی.

٧- لەلایەکی ترەوە لە خولی یەکەمی تڕامپ دا زیاتر (هێزی کەنارگیری ) بەکارهێنا بەشێوەیەکی ڕێژەیی، بەڵام لەخولی دووەمی دا پشت دەبەستێت( بەهێزی فراوانخوازی) لە سیاسەتی دەرەوەی دا.

٨- دەتوانیین بڵێین کە گۆڕانکاری لە هەردووە خولی سەرکردایەتیکردنی تڕامپ لە سیاسەتی دەرەوەی دا بەدی دەکرێت، بەشێوەیەک کە لەیەکەمر دا ئەمریکا لە کێشە وپرسەکانی نێودەوڵەتی دوورخستەوە، بەڵام لە خولی ئێستا هەوڵی فراوانخوازی هێرشبەری دەکات بۆ سەپاندنی هەژموونی ئەمریکا بەسەر سیستەمی جیهانی دا.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

## ليستی سەرچاوەكان

**یەكەم:سەرچاوە كوردییەكان:**

**-كتێب:**

**١-د.شماڵ حسێن، سیاسەتی دەرەكی(لەگەڵ چەند نموونەیەك لە سیاسەتی دەرەكی)، چاپی دووەم، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر، 2018.**

**دووەم:سەرچاوە عەرەبیەكان:**

**-كتێب:**

**1- د إسماعيل صبري مقلد ، نظريات السياسية الدولية الكويت ، جامعة الكويت ، 1985.**

**٢- كينيث تومسيون، نظريات السياسة- الخارجية ومعظلاتها، مؤسسة فرانكلين المساهمة بالطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٦.**

**٣-كمال المنوفي ، أصول النظم السياسية المقارنة ، وكالة المطبوعات للنشر، الكويت،1987.**

**٤-محمد السيد سليم، تحليل السياسة الخارجية، ط2، مكتبة النهضة العربية، القاهرة، 1988.**

**٥-د. شفيق رضوان، السلوكية الادارية،المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، 1994.**

**٦-د. كامل المغربي وآخرون، أساسيات في الادارة، دار الفكر للنشر والتوزيع، 1995.**

**٧-سالم القحطانى، القيادة الإدارية، مكتبة المتنبي،الرياض ،2008.**

**٨- عبد الغفار رشاد ، منهاج البحث في علم السياسة ،مكتبة النشر ، ط1، 2004.**

**٩-علي أل صبرة، القيادةالإدارية مفهوم والنظريات،أزمنة للنشر والتوزيع، عمان،2016.**

**١٠-يمني سليمان، توجهات السياسة الخارجية عند دونالد ترامب، المعهد المصري للدراسات السياسية و الإستراتيجية، القاهرة، 2016.**

**١١- د.مهند دويك، السياسة الخارجية الأمريكية تجاه الشرق الأوسط بعد فوز ترامب(الصراع السعودي-الإيراني)،المركز الجزائيرية للدراسات السياسةوالإستراتيجية، برلين –ألمانيا، 2017.**

**١٢-محمد حسن سعد، ملامح السياسة الخارجية لإدارة ترامب الثانية: توجهات تصعيدية وتحولات إستراتيجية، مركز الحامورابى، العراق،٢٠٢٤.**

**-تێزی دكتۆرا:**

**١-شمال حسين مصطفى، القوة في السياسة الخارجية للولايات المتحدة الأمريكية، رسالة ماجستيرغير المنشورة، قسم العلوم السياسية، كلية القانون والعلوم السياسية، جامعة صلاح الدين، أربيل، 2008.**

**٢-حمدوش رياض، تأثير السياسة الخارجية الأمريكية على عملية صنع القرار في اتحاد الأوروبي بعد أحداث 11سبتمبر2001 ،رسالة دكتوراه، قسم العلوم السياسية كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة منتوري قسنطية،2011-٢٠١٢.**

**-گۆڤار:**

**١-عبير حسين القماش، نظريات القيادة واتخاذ القرارات نظرية الرجل العظيم، نظرية السمات ، النظريةالموقفية، نظرية اتخاذ القرار، المجلة العلمية لكلية التربية، المجلد36، العدد الثاني عشر،جامعة اسيوط،2020.**

**٢-حسين حسين صالح، عملية صنع السياسة الخارجية (دراسة سياسية)،مجلة جامعة اليمن العدد 8، ديسمبر 2022.**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

٣- نجاح موسى مولى،نظرية التفاعلية الرمزية،مجلة الادب، العدد150، بغداد، سبتمبر2024

-سايتی ئەلیکترۆنی:

1-نسرين حاطوم، دونالد ترامب ودول الخليج: مسار جديد أم استمرار للسياسات السابقة؟، موقع عربي بي بي سي، تاريخ النشر20/يناير/2025، تاريخ الزيارة2025/6/14:

https://www.bbc.com/arabic/articles/cde92nzp4z1o

2- بعد تنصيب ترامب.. نهجان محتملان للتعامل مع "روسيا"،موقع سكاي نيوز عربية، تاريخ النشر22/يناير/2025، تاريخ لزيارة٢٠٢٥/٦/١٢:

%8D%86%9AA%D%8-%D1770979https://www.skynewsarabia.com/business/

3-هكذا ردت الصين على ترامب.. قيود على المعادن النادرة ونذر حرب تجارية، موقع الجزيرة نت،تاريخ النشر2025/2/6،تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٦/١٢:

/2/2025https://www.aljazeera.net/ebusiness/

4-مكافحة الإرهاب ـ ما تداعيات عودة "ترامب" على مكافحة الإرهاب؟، موقع المركز الاوروبى للدراسات، تاريخ النشر٢٠٢٤، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٦/١٢:

https://www.europarabct.com/

5-عدي محمد الضاهر،السياسة الأميركية في ظل إدارة ترمب تجاه سوريا الجديدة، موقع السورية، تاريخ النشر2025/1/25، تاريخ الزيارة2025/6/12:

https://www.syria.tv/

6-رافد الجبوري،ما الذي سيفعله ترامب في الشرق الأوسط؟، موقع بي بي سي عربي، تاريخ النشر 20/يناير/2025، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٦/١٢:

rno7qq8jg2https://www.bbc.com/arabic/articles/cx

7-د.أيمن سمير، تسعة محددات:كيف يفكر ترامب في حرب إسرائيل وإيران؟، موقع المستقبل، تاريخ النشر ٢٠٢٥/٦/١٧، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٦/١٧:

10250https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/

8 -إيمان عنان، ترامب و مستقبل السياسة الخارجية الأمريكية، مقال منشور في مركز البديل للتخطيط والدراسات الإستراتيجية, 10نوفمبر2016، ص3-3:تأريخ زيارة2020/8/27: http://elbadil-pss.org

9-ابتهال مبروك،عملية صنع القرار الخارجي،موقع الموسوعة السياسية، تاريخ النشر2022/11/2، تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٦/١٤:

https://politicalencyclopedia.org/dictionary/%D%8B%9D%85%9D%84%9D8%9A%D%8

سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

1-Joseph M. Humire,The Foreign Policy Foundations of Trumpism Las bases de la política exterior del trumpismo,Norteamérica, Revista Académica del CISAN-UNAM, año 19, número 1, enero-junio de 2024.

2 -KILIÇ BUĞRA KANATThe Second Trump Administration and Its Implications to the Global Order, Published By: SET VAKFI İktisadi İŞletmesi, SETA VAKFI,Vol. 26, No. 4 (Fall 2024),Insight Turkey.

3-Robert Beck, "Trump 2.0 and Foreign Policy," Monadnock Ledger-Transcript, 11/11/2024, accessed on14/6/2025:

https://www.ledgertranscript.com/Robert-Beck-on-Trump-foreign-policy-57924941

4-Walter Frick, "Donald Trump's Foreign Policy Plans Are Predictably Unpredictable," Bloomberg, 10/11/2024, accessed on14/6/2025:

https://www.bloomberg.com/news/newsletters/2024-11-10/how-donald-trump-will-reshape-foreign-policy-in-his-second-term

5-47Agenda DonaldJTrump, accessed on :18/11/2024,Date of visit16/6/2025:

https://www.donaldjtrump.com/platform

# التمايز القيادي لدى دونالد ترامب خلال فترتي ادارته وأثره على السياسة الخارجية

| |
|---|
| م. م. چومان نامق حمد |
| قسم النظم السياسية والسياسات العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين- أربيل، إقليم كردستان-العراق |
| البريد الألكتروني:choman.hamad@su.edu.krd |
| د. عمر علي رشيد |
| قسم النظم السياسية والسياسات العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين- أربيل، إقليم كردستان-العراق |
| البريد الألكتروني omar.rashid@su.edu.krd |

**الملخص**

الهدف من هذه الورقة البحثية هو تحديد الفروقات بين فترتي رئاسة دونالد ترامب وتأثيرها على السياسة الخارجية. وقد اخترنا هنا عدة مناهج مناسبة لموضوع بحثنا. وهكذا، ربما لم يكن نهج ترامب نهجًا عدوانيًا، بل نهجًا اقتصاديًا عدوانيًا (البراغماتية النفعية) الذي مارسه دائماً في فرض العقوبات الاقتصادية أو التعريفات التجارية، وقد مارس ترامب في ولايته الأولى مبدأ "الولايات المتحدة أولًا" معتمدًا على الأدوات السياسية والاقتصادية (مقدار ما يحصل عليه)، أما في الجولة الثانية فقد شدد أكثر على مبدأ (السلام من حيث القوة) بل واعتمد على الأدوات السياسية والاستراتيجية إلى جانب أدواته الاقتصادية.

الكلمات المفتاحية: القيادة، دونالد ترامب، مبدأ العزلة، مبدأ القوة والسلام، البراغماتية النفعية.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# Donald Trump's Leadership Excellence During His Two Terms and Its Impact on Foreign Policy

| |
|---|
| **Assistant Lecturer.Choman Namq Hamad** |
| **Department of Political System and Public Policy, College of Political Science, University of Salahaddin-Erbil, Kurdistan Region-Iraq** |
| **Email: choman.hamad@su.edu.krd** |
| **Dr. OmarAli Rashid** |
| **Department of Political System and Public Policy, College of Political Science, University of Salahaddin-Erbil, Kurdistan Region-Iraq** |
| **Email: omar.rashid@su.edu.krd** |

**ABSTRACT**

**The aim of this research paper is to identify the differences between the two terms of Donald Trump's presidency and their impact on foreign policy. We have chosen several approaches appropriate to our research topic. Thus, Trump's approach may not have been aggressive, but rather aggressive economic (utilitarian pragmatism), which he has always practiced in imposing economic sanctions or trade tariffs. In his first term, Trump practiced the "United States First" principle, relying on political and economic tools (how much he gets). In his second term, however, he emphasized the "peace through strength" principle more, even relying on political and strategic tools alongside his economic tools.**

**Keywords: Leadership, Donald Trump, isolationism, power and peace, utilitarian pragmatism.**